**مەلا عەلی بەرپرسی عەسکەری سلێمانی کەرکوکی حزبی شیوعی:**

**کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد لەجیاتی کارەساتی پشت ئاشان یەک دەمانچەی چوارده خۆریان وەرگرتبوو و دەستیان خستبووە ناو دەستی مام جەلال**

**مەلا عەلی دوای 30 ساڵ وردەکاری و هۆکارەکانی ریککەوتننامەی دێوانە لەنێوان شیوعی و یەکێتی بۆ سڤیل دەخاتە روو**

**بۆ رێککەوتنی بەعس و شیوعی بەرپرسەکانی شیوعی ئەیان وت سەدام ئەیەوێ ئیشتراکیەت دروست بکات بەڕێگای ناسەرمایەداری**

**کارەساتی پشت ئاشان بەشێک لە شەڕی ناخۆ نییە ئەوە غەدرێکی گەورەبوو لەشیوعی کرا ژنیان هێنابوو بەزیندوی مەمکیان بڕیبو ئەوە ئینسانیەتە؟**

**مام جەلال وەک کەسایەتیەک هاوکارو یاریدەدەرم بووە و مەمنونیمی**

**رزگار رەزا چوچانی/ سوید** rzgarchuchani@hotmail.com

www.nwche.net



عەبدوڵا قەرەداغی ناسراو بە مەلا عەلی لەساڵی 1954 پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە دەکات بەهۆی شیوعی بونەوە چەند جارێک دەستگیر دەکرێت و حکوم دەدرێت سالی 1964 حزبی شیوعی لقێکی سەربازی دەکاتەوە، بەناوی لقی قەرەداغ و مەلا عەلی دەبێتە سەرلقی ئەو لقە، ساڵی 1973 دەچێتە مۆسکۆو

ساڵی 1974 دەگەڕێتەوەو بەرپرسیارەتی عەسکەری سلێمانی حزبی شیوعی دەکات، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری سڤیل دوای زیاتر لە 30 ساڵ باسی رێککەوتننامەی دێوانە و چەند پرسێکی مێژووی دەکات.

رزگار رەزا چوچانی: ماوەیەک لەنێوان بەعس و شیوعی یەکگرتنێک دروست بوو، یەکگرتنی حزبی شیوعی و بەعس لەسەر چ ئەساسێک بوو؟ شیوعی لەو کاتەدا کێشە نەتەوەیەکانی وەک پرسێک نەدەبینی و کێشەی چینایەتی هەبوو ئەو پرسانە چی بون لەگەڵ بەعس لەسەری رێککەوتبون؟
مەلا عەلی: یەکێک لە پرسە گرنگەکان کە شیوعی لەگەڵ بەعس ڕێکخست، ئەوە بوو وەک بەرپرسەکانی شیوعی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەعس، ئەیان وت سەدام ئەیەوێ ئیشتراکیەت دروست بکات بەڕێگای ناسەرمایەداری، بتەوێ یان نا خەڵکێک کەوتە دوای ئەو قسە ئەوەش ئەساس بوو هەروەها ئێمەش ئازارمان زۆر بینی بوو کێشەمان زۆر بوو و هەم کێشەشمان لەگەڵ حکومەتی ئەوکات هەبوو ناچاربوین کارێک بکەین.
رزگار رەزا چوچانی: تۆ وەک کادرێکی مەیدانی و فەرماندەیەکی عەسکەری شیوعی رات لەسەر رێککەوتنی شیوعی و بەعس چی بوو ؟
مەلا عەلی: من بەباشم نەزانی، بەڵام ئەشمزانی کە حزبی شیوعی ئەیەوێت لەو رێگایەوە رێچارەیەک بۆ کێشەی کادرو لایەنگرانی شیوعی بدۆزێتەوە، چونکە رێی هیچمان نەمابوو کادری شیوعی هەرچی دەکرد ئەیانگرتوو ئەیانکوشت، دەربەدەریان ئەکرد نقڵ ئەکرا، هیچ چارێک نەمابوو ئەوە واقیعێک بوو بۆیە چار نەماو ئەوە یەکێک لە رێچارەکان بوو، ناچاربوین ئەگەر ناچاری نەبوایە پێم باش نەبوو.
رزگار رەزا چوچانی: بێینە سەر کێشەکانی نێوان شیوعی و یەکێتی هەندێک لە کادیرەکانی شیوعی یەکێک لەهۆکارەکانی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە شیوعی لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی پتەوی لەگەڵ یەکێتی هەبووە و نزیکی فکری لەنێوانیان هەبووە، بەڵام لەشەڕدا چووەتە پەنای پارتی و بەرەی جود هاوکاری کردوون لە دەستبەسەردا گرتنی مەڵبەندێکی یەکێتی؟
مەلا عەلی: من ئەوە بەراست نابینم ئەوکاتانە کە ئێمە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ یەکێتی، نێوانی پارتی و یەکێتی زۆر دژایەتی تیا بوو، زۆر لەدژی یەک بوون بەبێ مانا زۆریان لەیەک دەکوشت، ئەوان خەڵکیان دەگرت دەیانکوشت و ئەمان خەڵکیان دەگرت دەیانکوشت، هەر لایەکیان خەڵکی لاکەی تری بگرتایە نەیان دەهێشتەوەو دەیانکوشت. لەوکاتە ناخۆشەدا حزبی شیوعی ببو بە دەمسپی لەنێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر، بەهەموو توانای هەوڵی ئەوەی ئەدا ئاشتیان بکاتەوە بەڵام سودی نەبوو، بەرەی جودیش کە دامەزرا گوایە یەکێتیش

دێته ناو ئەو بەرەیە، بەڵام یەکێتی نەهات، بەهیچ جۆرێکیش ئەو بەرەیە بۆ دژایەتی یەکێتی دانەمەزرا، رەنگە حزبێک یان دوو حزب لەو بەرەدا ئەوەی ویستبێ، بەڵام بەرەی جود بۆ دژایەتی یەکێتی دروست نەبوو، من نازانم چ کات شیوعی بەشداری شەڕێکی کردبێت بۆ دەستبەسەردا گرتنی مەڵبەندی یەکێتی، ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، من ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری شیوعی و بەرپرسی مەڵبەندی یەک بوم، کە سەرپەرشتی عەسکەری کەرکوک و سلێمانی بوو، بەهیچ شێوەیەک ئەوە راستی نییە کە بەشداری گرتنی مەڵبەندی یەکێتیمان کردبێت وەک شیوعی، لەباری ئەو کێشەیەوە ئەوکاتە مەلبەندەکەی ئێمە گویزراینەوە جێگەمان لە هاجی مامەن دروستکرد، هاوڕێ بەهادین سکرتێری حزب بوو منیش بەرپرسی عەسکەری کەرکوک و سلێمانی بووم، کارەساتێک هەبوو لە نێوان پارتی و یەکێتیدا یەکێتی لەدوو سێ لاوە هێرشی دەکردە سەرپارتی بەدوو سێ لا بەملاو بەو لا لە ناوچەی چوارتا و ناوچەکانی تر پارتیەکانیان، زۆر خراپ شکان نەیانهێشت لەناوچەی چوارتا بمیننەوە، کە نادر هەورامی وان بوون کاتێک ناوچەکە پارتی تیا نەما، ئێمە ماینەوە بۆ ماوەیەک، دواتر بەهادین نوری"ئەبو سەلام" وتی من ئەڕۆمەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و ئێوەش لێرە بگوازنەوە، ئێمەش بارەگاو شتەکانمان گواستەوە بۆ ناوچەی کەڕەجاڵ، لەپشتی خورماڵ دوای ماوەیەک هەواڵمان بۆ هات وتیان شەڕبووە لە پشت ئاشان، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بوبێت لەنێوان شیوعی و یەکێتیدا، یەکێتی دایان بەسەر پشت ئاشاندا، بۆ ئەو بەسەردانانە هەندێ هۆکاری بچوک هەبوو لەوانە کەسێک هاتبوو بۆلای ئێمە جاش بوو خەڵکی ناوچە رواندز بوو، یەکێتی هێنایانە دەرەوە لەگەڵ برایەکی و ئامۆزایەکیدا کوشتیان، برادەرانی شیوعیش سەرلقەکان لەخوارەوە بۆ سەرەوە هاتنەوە، چونە مزگەوتێک سێ کەسی یەکیتیان کوشت، ئەمەش بووە هۆی ناکۆکیەکی توندوتیژ لەنێوان یەکێتی و شیوعی، یەکێتی ئەیزانی ئێمە لەگەڵ پارتی و حسک و ئەو لایەنانەی بەرەی جود نزیک بوینەتەوە لەیەک و یەکمان گرتووە، ئەو کێشەیان بەهەلزانی قوەتێکیان پەیاکردبوو خۆیان کۆکردەوەو نەوشیروان رۆشتە خوارەوە بۆ لێدانی شیوعی و ئەو کارەساتەی پشت ئاشان رویدا.

رزگار رەزا چوچانی: قادر رەشید "ئەبو شوان" لەکتێبەکەیدا "پشت ئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا" باسی ئەوەی کردووە بەر لەوەی پشت ئاشان بکرێتە بارەگای سەرکردایەتی شیوعی سەرکردایەتی ئەو حزبە، تۆیان وەک خەبیرێکی عەسکەری ناردووە بۆ ئەوەی بزانی ئەو ناچە پەسەندە بۆ سەرکردایەتی یان نا، تۆ رەتت کردۆتەوە کە ئەو جێگا بکرێتە سەرکردایەتی هۆی چی بوو؟

مەلا عەلی: راستە من رەتمکردەوە بکرێتە سەرکردایەتی، چونکە دەوری پشت ئاشان بەشاخ گیرا بوو تەنها بەردەمی واڵا بوو، من وتم بێت و لە پێشەوە

هێرشبکرێته سەر سەرکردایەتی و توانای مقاوەمە نەمێنێ و بەفر شاخەکان بگرێت و لەدواوە ڕێی دەرچونت نییە، سەرکردایەتی بە ئاسانی دەگیرێت، بۆیە ئەبێت لقێک لەوێ بێت کە زیاتر نەبێت لە 50 کەس و چەکی قورسیشیان پێ نەبێ، تا لەوەها حاڵەتێکدا جێ بمێنێ، من ئەوەم وەک ڕاپۆرتێک دایە مەکتەبی سیاسی لەناو شیوعی ئەبوو عامل ناوێک هەبوو، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی شوعی بوو خۆی محامی بوو، بەڵام لە فرقەی 2 ی کۆن پێش شیوعی بەهۆی شەهادەکەیەوە کرابووە زابت، لەمەسەلەی عەسکەری هیچی نە ئەزانی، کە لەگەڵ کاک عومەر و کەریم ئەحمەد دانیشتین وتی پشت ئاشان باشترین جیگایە بۆ سەرکردایەتی، وتی ئەگەر حکومەتی عێراق بیزانیایە ئەیکرد بەجێگایەک بۆ هێزی ئەرکان و شتی وا، وتم وەڵا ئەگەر حکومەتی عێراق ئەو جێیەی بکردایەتە ئەرکان ئێمە ئاوامان بەسەر نە ئەهات، هێشتا شەڕو شت نەبووە ئەویان لەخوارەوە هینا بۆ ئەوێ، لەوێ وتی ئەبێ 24 سەعات جارێک جیهازەکان بکەنەوە نابێ بیکوژێننەوە و هەرچی هێز هەیە ئەبێ لێرە بێ، باشە کە هیچ شتێک نییە بۆ هەموو هیزەکان لێرە بن؟ وتی لەبەر ئەوەی جاش دێت لەخوارەوە، بەکوردی کەسێکی نەشارەزا بوو لە عەسکەریدا و شیوعیش بەقسەیان کردو گوێیان بەراپۆرتەکەی من نەدا، بەجیا لەو ڕاپۆرتە من لە دانیشتنێکیش کە وەکو کۆنفرانسێک وابوو پێم وتن ئەوەی بەسەر حزبی شیوعی بێت لەپشت ئاشان بەسەری دێت، بەڵام هیچ هێزێک نییە بتوانی ئێمە بگرێتەوە و هەموشمان تیا ئەچین، ئەمەم بەهەموو کۆنفرانسەکە وت کە کاک عەزیز و هەمویان حازر بوون بەڵام هیچ گوێیان نەدایە.

ڕزگار ڕەزا چوچانی: بۆچی گوێیان بەم پێشنیارەی تۆ نەدا؟

مەلا عەلی: هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی عەسکەری، وەکو ئەو ئەبوو عاملە ئەیان وت شوێنێکی باشە، قسەی ئەوان سەریگرت و قسەی من سەرنەگرت.

ڕزگار ڕەزا چوچانی: سەرکردایەتی شیوعی تا ئێستاش باس لە کارەساتی پشت ئاشان ناکات، هەندێ لە کادیرە دێرینەکان بەغەدری گەورە ناوی دەبەن، لایەنی بەرانبەریش ئەو شەڕە وەک شەڕی ناوخۆ ناو دەبات، هەندێک دەڵێن شیوعی تێکەڵ بە شەڕی یەکێتی و بەرەی جود بووە بۆیە ئەوەی بەسەر هات تۆ ڕات چییە؟

مەلا عەلی: بەهیچ شێوەیەک شتی وانیە، شیوعی شەڕی یەکێتی کردبێت، کارەساتی پشت ئاشان بەشێک لە شەڕی ناخۆ نییە چونکە شیوعی شەڕی نەکردبوو پێش ئەو ڕووداوە لەگەڵ یەکێتی، ئەوە غەدرێکی گەورەبوو لەشیوعی کرا، لە پشت ئاشان ژنیان هێنابوو بەزیندوی مەمکیان بڕیبو، ژنیان هێناوە ملوانکەکانیان داکەندووە، هەرچی شتی خراپ هەیە بەرانبەر بەو خەڵکە کردیان، تۆ خەڵکێکی قوڕبەسەری بێ گوناح لە ژن و لە پیاو ئەکوژی ئەوە ئینسانیەتە؟، بێگومان ئەوە کردارێکی زۆر ناشیرین بوو کردیان، بێ پاساویشە و بەناو بردنی وەک شەڕی ناوخۆ پاساو نادرێت چونکە شەڕ لەنێوان یەکێتی و شیوعی نەبووە.

رزگار رەزا چوچانی: مام جەلال لە پلنیۆم ئەڵێ نەوشیروان مستەفا هۆکاربووە ئەوانیش وەڵامیان ئەوەیە کە ئەوکات مام جەلال سکرتێر بووە و ئەو بەرپرسە، تۆ رات چییە وەک فەرماندەیەکی ئاگاداری رووداوەکان؟
مەلا عەلی: من ناتوانم بەرپرسیاری بخەمە سەر کەسیان، ئاگام لە نێوانیان نییە نەوشیروان لەژێر دەستی مام جەلالدا بووە، کەهات بچێت بەرەو خوار یەکجار یەکمان بینی من و ئەو و مەلا ئەحمەد، من ئەمزانی ئەرواتەوە خوارەوە بۆ شەر لەگەڵ حسک، ئەوەبوو حسکەکانی گرت و کوشتنی، عەبدوڵای سەرلقی حسکی گرت کوشتی و زۆر شتی تر، بێگومان ئەو مام جەلال بەرپرسی بوو ئەکرێ مام جەلال ئاگای لەو شتانە بێت، زۆر شت مام جەلال ئەیوت بیکە ئەیکرد مام جەلال وەک سکرتێر ئەبێت بڕیار بدات ئەوجا ئەو بیکات.
رزگار رەزا چوچانی: لەناوچەی قەرەداغ کاتی شەڕی پشت ئاشان مەفرەزەیەکی یەکێتی هێرشی کردە سەر ئێوەو چەند شەهیدێکتان هەبوو ئەو رووداوە چۆن بوو؟
مەلا عەلی: راستە ئەوەش روداوێکی ناخۆش بوو، ئەوکاتە کۆمەڵێک پێشمەرگەی شیوعی لەناوچەی، کانی ساردەوە بەرەو تەکییە ئەرۆشتن، مەفرەزەیەکی یەکێتی پەلاماری دان و هێرشی کردە سەریان، دوو پێشمەرگە شەهید بوون، کە بریتی بون لە نەجمی محەدی مەلا قادر و بەشداری ئەحمەدی سەمین، پێشمەرگەکانی تریشیان بەدیل گرتبوو، کە 11 پێشمەرگەیەک بوون، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی ئێمە ئەیانزانی شەڕهەیە، لەگەڵ ئەوەش بەبێ خەم بەڕێگادا رۆشتبون کە نەدەبوو وا بڕۆشتنیایە.
رزگار رەزا چوچانی: رەخنەیەک لە تۆو بەهادین نوری هەیە، گوایە کاتێک کەسەرکردایەتی شیوعی لای یەکێتی لە زیندان یان دەسبەسەر بوون، ئێوە وەک لقی سلێمانی رێککەوتننامەی دیوانەتان راگەیاندووە لەگەڵ یەکێتی لەرێی مەلا بەختیارەوە، ئەم باسە لە کتێبەکەی ئەبو شوانیش "قادر رەشید" باس کراوە، بۆچی کاتێک سەرکردایەتی دەسبەسەرەو لە پشت ئاشان ئەو کارەساتە رویداوە، ئێوە ئەو رێککەوتنەتان راگەیاند؟
مەلا عەلی: کاک قادر هاتووە کتێبێکی دەرکردووە زیاتر لەسەر عومەری مامە شێخە، بەڵام باسی کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد ناکا، لەکاتێکدا کەریم ئەحمەد مەسولی یەکەمی حزبی شیوعی بوو، مەلا ئەحمەدیش ئەندامی لیژنە مەرکەزی بوو، کاک قادر خۆی ئەندامی هەرێم بوو، مام جەلال هەردووکیانی بانگ کردبوو کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد قسەی لەگەڵ کردبوون، وتبوی ئیشێکی باش نییە ئەوەی رویداوە، ئەوانیش وتبویان راستە ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا نین و ئەبێ شتەکان چاکبکرێنەوە، مام جەلالیش وتبوی هەموو شتەکانتان بۆ جێ بەجێ ئەکەم، دەمانچەیەکیشی دابونێ، دەمانچەکەیان دابوو بە قادر رەشید هەڵیگرتبوو، کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد لەجیاتی کارەساتی پشت ئاشان و

لەجیاتی ئەو هەموو چەکە لەجیاتی پێنج هاوەن دوو هاوەنی 120 ی سێ هاوەنی 81 ملیمی جیا لەو هەموو دۆشکەو شتومەکە یەک دەمانچەی چوارده خۆریان وەرگرتبوو دەستیان خستبووه ناو دەستی مام جەلال، کەریم ئەحمەد لەوێدا بەرائەتی دا، ئیتر ئەوە کەی قسەیە بۆچی کاک قادر دێتەسەر عومەری مامە شێخە و فلان و فیسار، ئەبوو ئەو لە ڕاستیدا قسەی لەسەر کەریم ئەحمەد بکردایە کە شەخسی یەکەم بووە، ئەوانە هەموی کرا، ئێمە ئاگامان لەهەموو شتەکان هەبوو، ئەوجا مەسەلەی دێوانە هاتە ئارا ئەوکاتە ئێمە لەشاخ بوین، لەروبەڕوبونەوەی یەکێتی، ئەبوو سەلام "بەهادین نوری" بانگی کردم هاتمە خوارەوە لەشاخ، وتی ئەوە یەکێتی خەڵکیان ناردووە بۆ دانیشتن، بڕۆن لەگەڵیان دانیشن، وتم ئێمە ئەڕۆین بەڵام ئەبێ ئێمە دەسەڵاتمان هەبێت، کەچووم دوو کەسم لەگەڵ خۆم برد شێخ سەعید و شەهید نەسرەدین هەورامی، چوینە ئەوێ حەمەی فەرەج هات، بەڵام بە حەمەی فەرەجم وت کاتێک هاتی بۆ دانیشتن ئێوە 11 گیراوو 12 چەکتان لایە ئەبێ لەگەڵ خۆت بیانهێنی، ئەو وتی بەسەر چاو 11 کەسە گیراوەکەو 12 چەکەکەیان هێنا، لەکاتی دانیشتنەکە تەسلیمیان کردین لەچەمی دێوانە، ئەمە لەکاتێکدا کە لەولاوە لەنێوان کەریم ئەحمەد و مام جەلال ڕێککەوتن کراوە و هەموو شتێک کۆتای پێهاتووە، ئەوجا ئێمە هاتوینەتە دێوانە دانیشتن ئەکەین لەگەڵیان، دانیشتنی ئێمەش لەگەڵ یەکێتی لە دێوانە و ئەو ڕێککەوتنە لە ناوەڕۆکەکەیدا دوو سێ شتی سەرەکی هەبوو، یەکەم حزبی شیوعی هەرچی چالاکییەک دەکات مافی خۆیەتی لەسنوری کاری حزبی و ڕێگری نەکرێت، ئەوانیش ئەڵێن داواتان لێ ئەکەین لەگەڵ پارتی مەبن، چونکە ئێمە لەگەڵ پارتی کێشەمان هەیە، ئەگەر پارتی بهێننە ئەم ناوە ئێمە لێیان دەدەین وەکو شیوعیش هەرچی چالاکی دەکەن بیکەن، ئەوە چەکەکانتان و ئەوە گیراوەکان، ئەمە زیاتر ڕێککەوتنێکی لێک گەشتن بوو لەناوچەکە و لەخزمەتی ئێمەشدا بوو.
رزگار رەزا چوچانی: ئەوان ئەم ڕێککەوتنەو خراپیەکەی لەوەدا دەبینن، کە بێ پرسی سەرکردایەتی شیوعی کراوە و بەدەرچون لە پرەنسیپی حزبی دەزانن، تۆش وەک ڕێککەوتنێکی محەلی باسی دەکەیت و لە خزمەتی خۆتان ناوی دەبەی، چۆن؟
مەلا عەلی: بزەبت ئەمە ڕێککەوتنێکی محەلی بوو، بەڵێ لەخزمەتی ئێمەش بوو، چونکە ئێمە نەمانئەزانی سەرکردایەتی شیوعی لەکوێیە، تا پەیوەندی پێوە بکەین، بەڵام ئەمانزانی سەرکردایەتی لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتون، ئێمە ئەمانوت ئەڕۆین بۆ ئەوێ ئەوان لەسەرکردایەتی شیوعی هیچ هەواڵ و جوابێکیان نەبوو، هەر نەشیان ئەزانی جوابمان بدەنەوە، هیچ پەیوەندیمان نەبوو پێیانەوە. بارەگای سەرکردایەتی نەمابوو، جیهازەکان هەموی گیرابوو، هیچ ڕێگایەکی پەیوەندی بەسەرکردایەتییەوە نەمابوو، لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی ڕێککەوتووە بۆچی ئێمە ڕێکنەکەوین، ئەگەر ڕێککنەکەوتینایە ئەوکات دەرچون بوو لە

پرەنسیپی حزبی ئەوانەی کەباسی ڕێککەوتنی دێوانە ئەکەن، خۆیان بێ ئاگا ئەکەن، ئەگەرنا باش ئاگایان لەوەیە کە بەرلە ئێمە سەرکردایەتی ڕێککەوتووە، بەڵام ئەوان دیارە ئەوەیان پێ باش بووە، ئێمەش بەخۆڕایی 50 – 60 پێشمەرگە بدەین بەشەهید کردن.
رزگار رەزا چوچانی: هەندێک لەکادرە دێرینەکانی شیوعی، رەخنەی ئەوە ئەگرن، کە ئێوە هێزتان بەدەستەوە بووە لەناوچەی خۆتان، ئەتانتوانی زەخت لەسەر یەکێتی دروست بکەن، لەکاتێکدا ئەوان هێرشیان کردە سەر پشت ئاشان، یان تۆڵە بکەنەوە و بە ئاسانی ئەتانتوانی مەلا بەختیار و هێزەکەی کۆنترۆڵ بکەن کە لێتان نزیک بوون، بەڵام لەجێی ئەوە ئێوە ڕێککەوتننتان راگەیاندووە لەگەڵ یەکێتی، ئەمە رەخنەیەکی دروست نییە بەڕای تۆ؟
مەلا عەلی: ئەم قسانە خەیاڵە، ئەسڵ و ئەساسی نییە، هەر ئەو رۆژە کە لەپشت ئاشان دراو دەستی بەسەردا گیرا مەلا بەختیار ئاسۆی شێخ نوری کاک کەمال شاکر هەڵەبجەیی نارد بۆ لام، وتیان کاکە ئەوە لە پشت ئاشان ئەو رووداوە رویداوە، شەویش هەمان شت مستەفا چاوڕەشی ناردە لام، وتی کێشەکە رویداوە ئێوە لێرە نەمێنن باشە، ئەو جواب ناردنانەی مەلا بەختیاریش مەسەلە ئەوە بوو کە پێشتر لەهاجی مامەن لەنێوان ئێمەو مەلا بەختیار کە وەکو دوو هێز لەوێ بوین، بەڵێنێک هەبوو کە مەلا بەختیار ماوەیەک پێش ئەو رووداوەی پشت ئاشان بە ئێمەی وت باوەک دوو هێزی کورد لەم ناوچە بەڵێنێک بەیەک بدەین، هەرچی رووبداو نەدا بەهیچ جۆرێک ئێمە دەست لە ئێوە ناوەشێنین و ئێوەش مەیکەن، وتمان ئێمەش نایکەین ئەم بووە بەڵێنێک لەنێوانمان، بەڕاستی کاتێک سەرکردایەتی شیوعی گیراو ئەو کێشەیە رویدا، مەلا بەختیار شەڕی ئێمەی نەکرد و زۆر پیاوانەش نەیکرد خۆ ئەگەر بیکردایە، ئەیتوانی ئێمە بگرێت نەک ئێمە ئەوان کۆنترۆڵ بکەین، ئەوان زیاتر لە 300 کەس بوون من هێزێکی زۆر کەمم لەگەڵ بوو زیاتر لە 300 کەس پەلاماری ئەو هێزە کەمەی ئێمە بدا چۆن ناتوانن بیانگرن، ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە کە من هێزی زۆرم لەگەڵ بوبێت و لەتوانام هەبوبێت ئەو کۆنترۆڵ بکەم، ئەو پابەندی بەڵێنی خۆیشی بوو، بۆیە لەجێی هێرش کردنە سەر ئێمە وتی باشترە ئێوە بڕۆن، ئێمە رۆشتین و چوینە قەرەداغ کۆبونەوەمان کرد چی بکەین هیچ، چونکە سەرکردایەتی کۆنترۆڵ کراوە، وتمان با بچینە ناوچەی باوەخۆشین، هەموو چوینە ئەوێ و بەهادین لە تەکییە مایەوە بۆیە من جارێکی تریش ئەڵێم ئەوانە قسەی خەیاڵن مەلا بەختیار بەنسبەت ئێمەوە پیاوێکی باش بوو پەیوەندی لەگەڵمان هەبوو، بۆ ئەو کارانەی کە دەیکردو بەرانبەر بەو هەڵوێستەی شایەنی سوپاسکردنە.
رزگار رەزا چوچانی: بەڵام باسی ئەوە هەیە بۆیە شەڕی مەلا بەختیار نەکراوە، ئێوە تۆو بەهادین نوری بەحوکمی ئەوەی لەبڕوادا لەیەک نزیکن ویستوتانە کە

ئەو بەلای خۆتان رابکێشن، لە ئەنجامدا بەڕێککەوتننامەی دێوانە مەلا بەختیار ئێوەی لە شیوعی دابڕی؟
مەلا عەلی: ئەوە وەک وتم قسەی هیچە، چونکە ئێمە هێزێکی کەمی پێشمەرگەمان بەدەستەوە بوو، بەچی شەڕی مەلا بەختیار بکەین، ئەوەش زۆر ناراستە کە ئێمە ویستبێتمان مەلا بەختیار بەلای خۆمان رابکێشین و ڕێککەوتنی دێوانەش لە خزمەتی ئێمەدا بوو، نەک ئێمە لەشیوعی داببڕێت، جارێ ئێمە تەنها ئەوەمان ئەزانی کە شیوعی و سەرکردایەتیەکەی ڕێککەوتون لەگەڵ یەکێتی، خۆیان کەس نازانێ لەکوێن، تا ئیمەیان لێ داببڕن، وەک وتم ڕێککەوتنامەی گوندی دیوانە ڕێککەوتنامەیەکی محەلی بوو، بۆ هێشتنەوەی ئەو خەڵکەی کە لەگەڵمان بوو، مەلا بەختیاریش خاوەنی بەڵێنی خۆی بوو، ئەینا کاتێک سەرکردایەتی شیوعی گیرا، ئەیتوانی بە زیاترلە 300 کەسەوە کە لەگەڵی بوون پەلامارمانبدا.
رزگار رەزا چوچانی: ڕێککەوتنی دێوانە سەرەتا چۆن دروست بوو؟ چۆن بیری لێکرایەوە؟ زیاتر پێشنیاری ئێوە بوو یان یەکێتی؟
مەلا عەلی: پێشنیاری یەکێتی بوو. وتیان ئێوە وەک هێزێک لەم ناوچەن و ئێمەش لێرەین، ئەوە لەسەرکردایەتی ڕێککەوتن کراوە و ڕێککەوتنەکەش لە نێوان مام جەلال و شەخسی یەکەمی حزبی شیوعی کەریم ئەحمەد لە رادیۆی یەکێتی خوێندرایەوە، ئێمەش وەک کادرەکانی شیوعی نزیکەی 30 کادر بەسەرپەرشتی بەهادین نوری کۆبوینەوە، لەکۆبونەوەکەدا داواکارییەکەی یەکێتی پەسەندکرا، وتیان مادام سەرکردایەتی ڕێککەوتووە، ئێمە بۆ ڕێکنەکەوین؟ دوای ئەو کۆبونەوەیە بەناوی ئەو کۆبونەوە من و نەسرەدین و شێخ سەعید چوین لە دێی دێوانەی حاجی حەمە فەرەج، کۆبوینەوە لەگەڵ حەمەی فەرەج کە نوێنەری یەکێتی بوو، لەکۆبونەکەش ئێمە وەک سەرکردایەتیمان نەکرد کەس نەزانێ چۆن ڕێک ئەکەوین، بەڵکو لەو کۆبونەوەی ئێمە زیاتر لە 40 کەسایەتی دیاری ناوچەی قەرەداغ ئامادە بوونو ئەو ڕێککەوتنەمان کردو وەک پێشتر وتم لەسەر چەند لایەنێک ڕێککەوتین، لەوانە یەکێتی گیراوەکانی شیوعی ئازاد بکات و ئەو چەکانەی کە دەستی بەسەردا گیراوە بیگێڕنەوە، ئێمە وەک حزبی شیوعی هەرچی چالاکی سیاسی و عەسکەرسی هەیە، بیکەین مافی خۆمانە و کەس دەست ناهێنێتە ڕێگامان، ئەوان دوایانکرد کە ئێمە وەکو حزبی شیوعی پارتیمان لەگەڵ نەبێت لەو ناوچە، هەرچەند پارتیش لەمەنتیقەکە نەبوو، ئەوان وتیان ناکرێ ئێوە پارتیتان لەگەڵ بێت و ئێمە شەڕی پارتی بکەین.
رزگار رەزا چوچانی: هەندێ لە شیوعیەکان گلەیی ئەوەیان هەیە لە پارتی، کە بەهۆی بەرەی جودەوە هێرش کرایە سەر پشت ئاشان، بەڵام پارتی بۆ هاوکاری شیوعی هێزی نەناردووە؟

مەلا عەلی: چۆن پارتی هێزی نەناردووە بۆ هاوکاری شیوعی؟ پارتی چی نەکرد؟ خۆ ئەو هێزەی هەیبوو پارتی لە ناوچەی پشت ئاشان تیاچوو، دواتر هێزێکی تری نارد لەشاخەوە بۆ هاوکاری، بەڵام یەکێتی خۆیان گۆڕی و بەجل و جامانەی سورەوە، ئەو هێزەی پارتی ئیبادە بوو، ئەوە ئەسڵی نیە، پارتی نەهاتبێت بەدەم پشت ئاشانەوە، بەڵکو هات و فریا نەکەوتن.

رزگار رەزا چوچانی: دواتر سەرکردایەتی شیوعی تۆو بەهادین نوری بانگ کردە لۆلان، بەهادین نوری ئەڵێ ویستویانە بمان گرن، شیوعی دەڵێت کاری حزبمان هەبووە لەگەڵیان نەک گرتن؟

مەلا عەلی: کاری حزبی هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەوان ویستیان هەردوکمان بگرن، نەورۆزی نوری شاوەیسیشمان لەگەڵ بوو، ئەویش هەندێ شتی هەبوو لەسەریان، ئەو کە هاتە ئەوێ بەریاندا، ئێمە هەرماینەوە بەهادین نوری"ئەبو سەلام" سێ نامەی نوسی منیش دوو نامەم نوسی بۆ مەکتەبی سیاسی و بۆ لیژنەی مەرکەزی هەر جوابیشیان نەدایەوە، ئەبوو سەلام وتی بەڕاستی ئەیانەوێت شتێکمان لێ بکەن وتم ئەی چی بکەین؟ وتی من دەرئەچم وتم تۆ دەربچۆ، وتی ئەی تۆ؟ وتم من نایەم ئەو دەرچوو هۆکارەکەشی ئەوەیە بەبڕوای ئەوان ئێمە خراپین و لەگەڵ حزبی شیوعی نین، بۆیە ئەیانویست بمان کوژن یان شتێکمان لێ بکەن.

رزگار رەزا چوچانی: ئەی بۆچی جیابونەوە لە شیوعی تۆ و بەهادین نوری؟

مەلا عەلی: ئەوان ئێمەیان بانگکرد بۆ سجن کردن، بەهادین لەوێوە هەڵهات لە ناوچەی لۆلان چووە لای پارتی و لەپارتییەوە گەیاندیانە لای شوسیالست و حەمەی حاجی مەحمود، ئەوانیش گواستیانەوە ئەو بەرەوە، ئیتر شیوعی کردیان بەهەڵا بیگرن و وای لێکەن و وا بکەن، بەڵام ئەوە سودی نەبوو، تازە ئەو گەشتبووە ئەو بەر و دەرچوو بو لە دەستیان، دواتر ناردیان بەدوای مندا، لەگەڵ کاک عومەر دانیشتین، وتی ئەوە بەهادین رایکردووە و رۆشتووە تۆش بچۆرەوە بۆجێی خۆت، بەڵام کە لەوێ مامەوە زۆر بەبێ مانایی قسەیان لەگەڵ کردم و زۆر بێ مانا تەعامولیان لەگەڵم کرد ئێمەش بڕیارماندا جیابین لەوان من بۆخۆم و بەهادین بۆخۆی.

رزگار رەزا چوچانی: دوای ئەوە تۆ خەریکی چی بوی وەکو کاری سیاسی؟ ئەڵێن چویتە ناو یەکێتی و مام جەلال زۆر هاوکاری کردوی ئەوە تاچەند راستە؟

مەلا عەلی: من وەکو کەسێکی خەباتکار بڕوام بەمقاوەمە هەبوو بەرانبەر رژێم، کە ئەبێت لە شۆڕشگێڕی بەردەوام بم، راستە چومە لای برادەرانی یەکێتی وەک کەسایەتیەک لەگەڵ مام جەلال پەیوەندیم هەبوو نامەی نارد بەدواما و لەسەرگەڵو ئەوم بینی، مام جەلال چەکی دا بەخۆم و برادەرەکانم و هاوکاری مادیشی کردین، ئەوە لەکاتێکدا کە برادەرانی شیوعی دوای ئەو هەموو هاو

خەباتییە دەمانچەکەی خۆشمیان شاردبووەوە کاتێک لە لۆلان بووم، تەنانەت ئەو دەمانچەشیان پێ نەهێشتین بۆ پارێزگاری لەشەخسی خۆمان، ئەو هاوکاری و رێزگرتنەی مام جەلال زۆر لام پیرۆز بوو، مام جەلال بەهیچ شێوەیەک داوای ئەوەی نەکرد لەمن بچمە ناو یەکێتی و ببمە یەکێتی، وەک کەسایەتیەک ئەو رێزەی لێنام و منیش وەک رێزو پێزانینێک بۆ ئەو پێزانینەی مام جەلال بەخەباتی من لەگەڵ برادەرانی یەکێتی درێژەم بەخەباتی خۆم دا لەوکاتەدا ئەوانیش بۆ گوزارانم، بەبێ ئەوەی من بەرەسمی پێشمەرگەی ئەوان بم، وەک پێشمەرگەکانی خۆیان یارمەتی منیان دەداو رێزی زیاتریشیان دەگرتم.

رزگار رەزا چوچانی: چۆن بەیەکجاری کوردستانت بەجێهێشت؟ ئەڵێن لەوەش مام جەلال هاوکارت بووە؟

مەلا عەلی:  کاتێک ئێمە لە گوندی ئەسێڵ بوین، پرۆسەکانی ئەنفال رویدا، لەوکاتەدا دوو سێ جار قادری حاجی عەلی پێی وتم حەز ئەکەم برۆی، وتم وەڵا نارۆم ئەگەر مەسەلە مردنە منیش وەکو ئەو خەڵکە با بمرم، ئەگەر مردنیش نییە ئەوە لەگەڵ ئەو خەڵکام، من کوڕی ئەم جیگەیەم بۆکوێ قەراغ و گەرمیان بەجێ بهێڵم؟. وتی داوای لێبوردن ئەکەم، کە قەرەداغمان چۆڵکردو هاتینە گوێ ئاو لای ناوچەی"عەسکەر" وتی حەز ئەکەم لەگەڵ عومەر فەتاح تۆ بچیتە سەرەوە، لەوێ ئیشمان هەیە، کەچوومە ئەوێ ملازم عومەر لەوێ بوو، سێ چوار رۆژ پێکەوە بوین و خانویەکیان دا پێمان، ئەویش پێی باش بوو بچمە ئیران و چومە ئێران دوو ساڵێکیش لە ئێران بووم و دواتر کە منالەکان گەشتن هاتینە دەرەوە، بەڵێ مام جەلال هاوکاری زۆر باشی کردم و یارمەتی داین، لە ئێرانەوە بچینە سوریا لەوێشەوە هاوکاریان کردین بۆ ئەوروپا، هەرگیز ئەو هاوکاریانە لەیاد ناکەم، بۆ تەنها یەکجاریش هاوکارییەکانی مام جەلال بەرانبەر ئەوە نەبووە، من ببمە یەکێتی بەڵکو وەک کەسایەتیەک هاوکارو یاریدەدەرم بووە و من مەمنونیمی.

رزگار رەزا چوچانی: تۆ ئەبینی لە سالانی خەبات حزبی شیوعی لەسەروی هەموو حزبەکانەوەیە، بەڵام لە رێژەی جەماوەر لەدواوەی هەموویانە هۆی ئەوە چییە و چارەسەری چییە؟

مەلا عەلی: روخاندنی سوڤیەت و روخانی هەندێک لەوڵاتە ئیشتراکیەکان، زەربەیەکی گەورە بوو لەحزبە شیوعیەکان بەگشتی، لەلایەکی تر خەڵک ئێستا بیر لە بەرژەوەندی خۆی ئەکاتەوە، تۆ گەنجێکی ئەتەوێ لەگەڵ خێزانەکەت بژیت، خەڵک لەگەڵ ئەو لایەنەیە کە لەگەڵی ئەژی و ئەژیەنێت بۆچی بچێتە لایەکی تر؟ ئەوە واقیعی کوردستانە، شیوعی توانای ژیاندنی خەڵکی نییە، بەجیا لەوەش ئەو سەرکردایەتیەی ئێستا حزبی شیوعی هەیەتی لە ئاستی پێوستدا نیە، چارەسەری ئەو رەوشە بە کۆنگرە ئەکرێ، بەڵام وەک کۆنگرەی پێشو نا هەندێ کەسیان کاندید کرد کە بارەکەی شیوعیان خراپترکرد، ئەبێ کۆنگرەیەکی

**راستەقینە بکرێت و بەجدی پشتیوانی لە هەژارو کەمدەرامەتی کوردستان بکەن، نەک بەشیعار ئەگەرنا شیوعی ناتوانی لەوە باشتر بێت.**
**رزگار رەزا چوچانی: تاچەند ئامادەی هاوکاری حزبی شیوعی بکەیت بۆ باشتر بونی؟**
**مەلا عەلی: تا شیوعی ئاوا بێت بەهیچ شێوەیەک توخنیان ناکەوم، بەڵام ئەگەر ئەوان خۆیان پاککردەوە و گەشتنە ئاستێکی باش ئەوکات بیرێکی لێ دەکرێتەوە.**
**رزگار رەزا چوچانی: ئایندەی کوردستان چۆن ئەبینی؟**
**مەلا عەلی: من ئایندەی کوردستان زۆر بەباشی دەبینم و دڵنیام بەرەو باشی دەچێت، بەڵام دەبێت ئەو گەندەڵییەی کە هەیە نەهێڵرێت، من باشترین ئازادی و دیموکراسی لە ئەمڕۆی کوردستاندا دەبینم، دەبیستم رەخنە دەگیرێت لەهەندێ شت کە لە کوردستان گوایە دیموکراسی نییە، من لەگەڵ ئەوەنیم ئێرە سویدە تۆ وەرە لەم شارە موخالەفەیەک بکە ئەتگرن، ئەوەی کە دەیبینم لەکوردستان دۆخەکە زۆر باش دەچێت بەڕێوە، راستە گەندەڵی و دزی هەیە، بەڵام ئاینده پێم وایە باش دەبێت و کارەکان باشتر بەرێوەدەچن.**